# نەفرین لە داگیرکەرانی کوردستان

ئەحمەد دەشتی

لە مێژە داگیرکەرانی کوردستان زۆر بە دڕندەیی و ناکەسانە نیازی گلاویان خۆیان بە سەر گەلی کوردستان دا سەپاندووەو بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانەو نامەردانە پەلاماری خاکی کوردستان دەدەن و سالەهای سالە کە دژی هەموو بیرو بۆچون و هەموو مافێکی ئەم کوردە زۆر لێ کراو و مال داگیرکراو و خاك خاپوور کراوەن، بەدەستی ئەو ڕژێمە فاشیانەوەهەزاران کارەسات و نەهامەتی و ڕەنج و جەفا بەسەر گەلی کورد دا هاتووە ، دەبینین کە هەتا ئەمڕۆکەش گەلی کورد ئۆخەی لە ژیانی خۆی نەکردووەو ساتێکیش لە لانەی ژیانی و زێدی باوك و باپیرانی خۆی دا ئازادو ڕەهاو سەربەخۆ نەژیاوە ، بە تایبەتی داگیرکەری تورك هەر لەوساوتەوە کە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و دەولەتی تورکیایان دروست کردووە ، بە هەموو شێوەیەکەوە دژی کوردو کوردستان ڕاوەستاون و هەتا ئەمساتەش دژبە گەلی کوردو کوردستانن و گەلی کوردیان لە ناو مال و حالی خۆی دا پەلامار داوەو بە سەدان کارەسات و پەرێشانی و مال وێرانیان بۆ کوردو کوردستان وەدی هێناوە ، ئەو کورد کوژانە ، ئێستاش هەر بەو نیازەن کە دیرۆکی کۆنی پڕ لە جنایەتکاریەکانیان دژ بە گەلی کورد زیندوو بکەنەوەو لە بەرامبەر هەموو ڕای جیهانیان و لە بەر چاوی بە ناو بەرگران لە ترۆریزم و نەهێشتنی ترۆریزم زۆر بە ڕاشکاوی هەڕەشەو گوڕەشەلە کوردو کوردستان دەکەن و هاوار دەکەن و دەلێن ئێمە دژی هەر قەوارەیەکی گەلی کوردین لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێن و تەنانەت ئەگەر لە جنوبی ئەفەریقاش ئەو قەوارەیە بۆ گەلی کورد دروست ببێن و هەڕەشەی نەمان لەم گەلە کوردە هەژارو بێ دەرەتانە دەکەن و دەستی تەماع و دڕندەییان بۆ زێدی باوك و باپیرانی گەلی کورد درێژ دەکەن و بە خەیالی گلاوی خۆیان دەیانەوێ تەواوی کوردستان دیسانەکە بە خاك و خوێن بکێشنەوە و ئەگەر بۆیان بلوێن ئەوا لێ ناگەڕێن کە گەلی کورد تەنانەت بۆساتێکیش بسرەوێت و لە لانەی خۆی دا خاوەنی بوون و نەتەوایەتی خۆیەوە بێن و ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ئاسودەیی و ئارامی و ئازادی وسەربەز و ڕەها لە ناو مالی خۆ دا بژێن.

ئەگەر کورتە ئاورێك لە دیرۆکی پڕ لە ژان و کارەساتەکانی گەلی کورد بدەینەوە دەبینین کە زۆر لە مێژە ڕژێمی تورکیای داگیرکەری کوردستان دژ بە هەموو بیرو باوەڕێکی کوردایەیتی ودروست بوونی کیانێکی میللی گەلی کورد هەولیان داوەو بۆ سەرنەکەوتنی ئاوات و ئارەزووی کوردو کوردستان بە هەزاران ڕۆلەی خەباتگێڕو قارەمانیان لەناو زیندانە ڕەشەکانیان لە ژێر باری زەبرو ز زەنگ وشکەنجەو تێ هەلدانەوەدا لە ناو بردووە و بە سەدان ڕۆلەی شۆڕشگێر و تێکۆشەریان لەسێدارە داوەو بە هەزارانیان ون و وێل و دەربەدەر کردووە ، هەمیشەو ئێستاش دەولەتی داگیرکەری تورك هۆکاری هەرە مەزن و دڕندە و ڕێگری هەموو کیانێکی میللی کوردن، هەروەك هەموو هەول و تەقەلایەکیان بۆ لە ناو بردن و نەهێشتنی کوردو کوردستانەو بە ئاشکرا داوای ترۆر کردنی چل ملیۆن کورد دەکەن و گوێچکەی جیهانیانیش لە ڕاست ئەو بۆچوونانەی تورك کەڕەو بێ دەنگن. خۆ وەنەبێ ئەم نیازە گلاوەی تورك شتێکی تازە بێن، هەر کوردێك و ئازادیخوازێکیش لەم جیهانە دا هەموو ئەم ڕاستیانە زۆر چاك دەزانێت و ئەو هەموو کارەسات و بە سەر هات و ڕووداوە تال و ناخۆشانەی کە بەسەر کوردستانەوە هاتووە لە تەواوی کوردستانی گەورە دا دەستێکی ئەو داگیرکەرانەی تیا بووە ، دەولەتی تورك کە بەشێکی زۆری لە خاکی کوردستانی ئازیز داگیر کردووە ، بە نهێنی و بە ئاشکرا هەر لەو ساتەوە کەخاوەن دەسەلاتن، هەموو هەولێکیان بە هەموو شێوەیەکەوە بۆ لە ناو بردن و نەمانی گەلی کورد داوەو دەدەن و تەنانەت مافی پەیڤینیشیان بە زمانی دایك و باوکمان لێ قەدەغە کراوەو کە زمان بۆ خۆی بنەمایەکی گرنگی بوونی هەر میللەتێکە و خۆ ئەگەر زمان نەبوو میللەتیش نابێن، داگیرکەری تورك هەر لە کۆنەوە هەموو کەلتورو فەرهەنگی کوردەواریشیان دزیوەو خۆیان بە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان دا سەپاندووە و ناویان لێ ناوین تورکی چیا ، بەلێ ڕژێمی داگیرکەری تورك ئەوەندە فاشینە بەرامبەر بە کورد کێ دەتوانی تەنانەت ناوی کورد بێنێ و بلێ من کوردم و ئەوا لە ناوی دەبەن، هەر لە سەرەتاکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەولەتی تورکەوە بە بیرو باوەڕی دکتاتۆریانەی کەمالیزمی ملهوڕ هەتا ئەمڕۆکەش دژایەتی گەلی کوردیان کردووەو بە هەزاران کوردیان کردۆتە سوتەمەنی نیازی گلاووی خۆیان و لێ نەگەڕاون کە گەلی کورد هیچ مافێکی ڕەوای خۆی هەبێت و لە ناو لانەی خۆی دا تەنیا بۆ ساتێکیش سەربەست بژیت و دوور بێن لە چەوساوەیی و نائارامی ژیان، ئەگەر ئاورێك لە مێژوو بدەینەوە دەبینین کە ئەو داگیرکەرانە چۆن بە ناوی دین هەزاران هەزار کوردو میللەتانی تریان تەفرو تونا کردووەو چۆن دینیان کرد بە ئالەتێك بۆ دامەزراندنی دەولەتی خۆیان و چۆن بە هەزاران ڕۆلەی کوردیان لە خشتە بردووەو بە ناوی سوارەی حەمیدیەوە لە بەرەکانی شەڕو فراوانتر کردنی ئیمبراتۆریە نەخۆشەکەی عوسمانیەکان کوردیان کرد بە

www.kurdistannet.org
28/02/2003 03:00
سوتەمەنی، کوردی هەژارو بێ دەرەتانیش لە کاریگەریەتی ئەو داگیرکەرە دڕندانە دا چەند نەزانانە هاوکاریان کردوون وپاشانیش لە ناویان بردوون، دەبینین سێ سەد سال لە مەو بەر فەیلەسوفی زاناو گەورەی کورد ئەحمەدی خانی دەلێن:

ئەڤ رۆم و عەجەم وان حەســـارن
کورمـــانج هەمی لە چـــار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلی کـــورمانج
بۆ تیری قــــەزا کــــردنە ئامانج
هـــــەر تایفە ســـەددەکن سەدیدن
ئــــەڤ قولزومی بەحری تاجیك
هندێ کۆبکن خرووج وتەحـــــریك
کـورمانج دبن بە خــــون مولەتەخ
وان ژ یەك دەکــەن میسالێ بەرزەخ

(دەبینین کە خانی مەزن چەند بە لەباری و جوانیو بە دلی پڕ لە ئازاریەوە باسی کورد دەکات و دەلێ ( گەلی کورد بوونەتە شورەو دیوار بۆرۆمیان و عەجەمان، بەو پەڕی ئازایەتی و دلێریان خۆیان کردۆتە سوتەمەنی دامەزراندن و چەسپاندنی ئەوانەوە و هەر لایەنێك دژ بەو لایەنەکەی ترەوەیەو هەر کامەشیان بوونەتە کلیلی سەرمەرزەکان و دژ بە یەکەوەو هەر خێلێکیان بووە بە شورەیەکی نەسمراو و پتەو و هەر بۆیەشە کە رۆم و عەجەمان کوردیان کردووە بەنیشانەی تیری قەزاو هەر کاتێکیش کە لیشاوی دەریای رۆم و عەجەم بێنە سەریەك ئەوا کورد لە نێوانیان دا شەلالی خوێن دەبن و گەلی کورد لە خوێنی خۆیان دا دەگەوزێن) بەلێ ئەگەر ئاوڕێك لە دیرۆکی پڕ لە کارەسات و نەهامەتیەکانی گەلی کورد بدەینەوە دەبینین هەستی نەزانێ و خزمەت کردن بە بێگانە چەند زۆر بووە لە کوردستان و کوردی بێ دەرەتان و هەژارو نەزان چۆن بە ناوی دین پشتی لە ئەرز دراوەو چۆن بە هەزار هەزارانمان لێ کوژراون و هەر دوێنێ بوو بە ناوی سورەی ئەنفالەوە داگیرکەرانی کوردستان بە سەدان هەزارانیان لێ ئەنفال کردین و لە کوردستانی باشوور دا ئەوەی ویستیان بە سەر کوردیان هێناوەو سێ سەد هەزار گوندی کوردەواریان بە خاك یەکسان کردو گەلی کورد کیمیا بارانیش کراو بە دەگمەن گەلێکی وەك کورد پەیدا دەبێتن کە ئاوای بە سەر هاتبێتن و لەم جیهانەش دا هەرگیز لە سەر کورد هەل نەدراوەتێ و کەس باسی نەکردووین و ئەمرۆش هەر لەم هەڕەشانەی دوژمنانی داگیرکەری تورکە کە جیهان بێ دەنگن.

ئەمرۆکە دەبینین کەدوای ئەوەی کە گەلی کوردخەریکە حوێ دابین بکات و لە ناوچەیەکی کەمی کوردستانی باشوردا هەندێ لە مافەکانی گەلی کورد وەدی هاتووە، بۆیەك دیسانەکە داگیرکەری تورك دەیانەوێ کە ئەم ئەزموونەو ئەم هەلە لە کورد تێك بدەن و دەستی زۆرداریان بۆ گەلی کورد درێژ دەکەن و هەموو رۆژێ بە بەهانەیەکەوە دەیانەوێ نیازی ترۆریستانەی خۆیان بە سەر گەلی کورد دا بسەپێننەوەو کوردستان بکەن بە مەرگستان و هەموو ئازارو رەنج و نەهامەتیەکان وکارەساتەکانی مێژووی رەشیان لەم بەشەی کوردستانیش دا زیندوو بکەنەوە و دیسان کورد تۆش بە کارەساتە مەزنەکانیا بکەنەوە.

لێرەدا دەمەوێ بلێم کە دیارە راستە دەلێن دیرۆك دووبارەدەبێتەوە ئەمەش جێگەی داخ و حەسرەتە بۆ گەلی کورد، دەولەتی تورك هەرووەك لە کۆنەوەپیشەی بووەکە دژبەکوردوکوردستان بێتن، ئەمرۆکەش دەبینین کەچەند بێ شەرمانە لەبەرامبەر هەمووجیهانیان و هەموو ئاشتی خوازان و مرۆڤ دۆستان و بەرگری لە مافی مرۆڤان هاوار دەکەن و دەیانەوێ کە گەلی کورد ترۆر بکەن و هاو کاریشیان دەکرێتن، ئەی مانای لە ناو بردنی ترۆریستان و وەدی هێنانی جیهانێکی ئاسودەو دوور لە ئاژاوەو دەستی ترۆرستان مانای چیەو ئەوانەی کە ئەو ئیدعایە دەکەن بە تەمای چین و ئەگەر داگیرکەری تورك لە کوردستانی باشور دا نیازی گلاوی بێنتە دی ئەوسا بەرامبەر چل ملیۆن کورد ئەوانەی کە دەلێن شەڕی دژی ترۆریزم دەکەین چی دەلێن ؟

بەلام دەبێ داگیرکەری تورك هەموو ئەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە ئەوەباش بزانن کەورەی بەرزی گەلی کورد بەرامبەر هەر هێرش و پەلامار دانێك لە لایەن داگیرکەرانەوە هەر بەهێز ترو پتەو تر دەبێت و گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا لە سایەی یەکگرتن و یەکبوونی سەرتا سەری کوردستان وبەرامبەر دوژمنانی کە هەموو بۆچون و لایەن و هەست و بیرێکی جیاوازیش بە یەکەوە دەبن بە بەندێکی پۆلایین و

www.kurdistannet.org
28/02/2003 03:00

له بەرامبەر هەموو هێرشێکی ناڕەوا و دوژمنکارانەی هەر کەسێ کە بیەوێ گەلی کورد توش بە کارەسات و ناخۆشی و نا ئارامی بکاتەوەدەوەستێن، ئەو ڕۆژگارو سەردەمانە نەماوە کە تورکە داگیرکەرەکان گەلی کورد بخەلەتێنن و ڕۆلەکانی گەلی کورد بۆ نیازی گلاوی خۆیان بە کار ببەن، ئەو دەمانە نەماوە کە بتوانن کورد بکەن بە سوارانی حەمیدیەو دژی کورد و دوژمنانی خۆیان بە کاریان بەرن، خەیالیان خاوە ئیتر گەلی کورد بە یەکپارچەییوە بەرامبەر هەر هێرشێکی دوژمنان دەوەستێت و کوردستانیان لێ دەبێ بە گۆڕستان و ئەمجارە نەمانی خۆیان داێین دەکەن و هەموو گیرو گرفتەکانی ناو خۆیان و ئابووریە ڕماوەکەیان و ئەو هەموو زۆر و زۆرداریەیان دەبێتە سێدارەی خنکاندنیان و ئەمجارە تەفرو تونا دەبنەوە و هەموو کوردێ بە یەك دەنگەوە هاوار دەکات و دەلێت:

بـــــــــــڕۆن بڕۆن داگیرکەران تف لە چارەی گشت زۆرداران
نەفرین لە وەی کە کورد کــوژە دوژمن کوردە و هـەر خوێن مژە
ئەمڕۆ بیری تۆلەی کــــــوردان دەســــــوتێنێ گشت نامەردان
هەر بستێکی کوردســــــتانمان گۆڕســـــتانە ، بۆ دوژمنـــمان

سەرچاوەی شیعری خانی لە کتێبی لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا :نوسینی موحەممەدی مەلا کەریم وەرگیراوە ٢٧. ٢. ٢٠٠٣

## تێبینی کوردستان نێت:

**مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.**
**ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣**